دەرسێك لە هەڵەبجەوە

خەسرۆ پیربالْ

هەڵەبجە یەکێکە لە گەورەترین کارەساتی جینۆساید کە هەتا ئەمڕۆکە گەلێك لەسەر ڕووی ئەم زەوی یە دووچاریهاتووە, وە بە گەورەترین تاوانی نێودەوڵەتی دادەنرێت.بەکارهێنانی چەکێکی کووشندە بۆ قڕکردنێکی بێدەنگی میللەتی کورد لە کوردستانی باشووردا لە لایان حکومەتی عێراق .

هەرچیەك بکرێت , بووترێت, بنووسرێت ,ناگەنە دڵۆپە بارانێکی ناو دەریا, لەبەرئەوەی کارەسات و ئازارو شوێنپەنجەکانی ئەم قڕکردنە هێندە قوورسن شەرحی گرانە, ئازاری ئەم تاوانە تاڵترە چوونکە تاوانباران هەموویان ماون و حوکم دەکەن.

دیارە هەڵەبجە بازنەیەك بوو لەو بارودۆخە ناوچەییەی ئەوکاتی کوردستان و عێراق, گەرمەی شەڕی کەنداوی یەکەم بوو لەگەڵ ئێراندا,پارت و ڕێکخراوە کوردی و عێراقیەکان لە باررودۆخێکی هێندە تێکئاڵاو ناتەبابوون, ڕژێمی عێراق سەرجەم وڵاتانی ڕۆژئاوای لەگەڵبوو, دە ساڵ بوو سەرجەم ناوچەکە خوێن دەچۆڕایەوە, ئێواران تەلەفیزیۆن بەدرێژایی شەو وێنەو ڕێپۆرتاژی شەڕی کەنداوی پەخشدەکردەوە کە پارچەیەك بوون لە خوێن و تاوان و وێنەی ترسناك و کووشتار.

ڕۆژی 1988/3/16 , سەعات 11 بەیانی لە لایان حکومەتی عێراق گەورەترین تاوانیان بەرامبەر میللەتێك ئەنجامدا, بە هەزاران کەسیان لەناودووکەڵێکی ڕەشی ژەهراوی خنکاند, بەم تاوانەش کە ئەوکات نەك هەر میللەتی کورد چاوەڕوانی نەدەکرد, بەڵکوو پاش ئەنجامدانی لە لایان دڕەنەترین ڕژێم لە عێراق, کە هەتا ئەمڕۆکە بەردەوامە وحوکم دەکات بە داخەوە.

ئەو کات جگە لە هەندێك هێزی سیاسی کورد , وە بە شێوەیەکی سادەو ساکار نەبێت , هەندێك لەو هەواڵ و وورده زانیاریەکانیان بڵاوکردەوە , هەواڵەکان گەیشتنە دەرەوەی کوردستان , وورده وورده هەواڵی ئەم تاوانە زانراو خەڵك لەناو بێدەنگیدا و لەناو بێچارەیی ئەو کاتی میللەتی کوردا گەلێك لە هاوولاتیان تەنها بێدەنگیان بۆمابۆوە.

ئەمڕۆکە یادی ئەم کارەساتە دەکەینەوە, لە ناوەوەو لە دەرەوەی کوردستان هەر کۆمەڵەو گرووپێکی کوردی بە شێوەیەك یادی ئەم کارەساتە دەکەنەوە, ئەمەش کارێکی پێویست و پیرۆزی کوردەکانە, بەتایبەتی بۆ نەوەی نوێی کورد, دەبێت وەکوو بابەتێکی ئاشکرا و تێروتەسەل لەناو کتێبەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردو کوردستان ئەم تاوانە باسبکرێت, بە ئاشکرا دەستنیشان و پەنجەی تاوانباری بۆ ڕژێمی عێراق درێژیکرێت.

دیارە هەڵەبجە جیاواز لەگەڵ هەموو بۆنەو ڕووداوەکانی تری میللەتی کورد , سەرجەم ڕۆڵەکانی میللەتی کوردی یەکخست, هەموو ڕەنگەکان و حیزبەکانی کوردستان و پارچەکانی, ئەمەش دەکرێت وەکووئەزموونی میللەتانی ئەرمەنیو جوولەکە بکرێتە مەبەستێك بۆ یەکگرتنەوەو یەکخستنی هەوڵەکان و ئیشوکارەکان , بە ئارشیفکردن و تۆمارکردنی ئەم تاوانە لە ناو لاپەڕەکانی مێژوومان کارێکی پێویست و گرینگە.

دیارە هیچ تاوانێك بێ تاوانباران ناکرێت , لە ناو مێژووی هەموو میللەتانی دوونیادا , هەندێك وا ڕێکدەکەوێت کە بەشێك یان لایانێکی سیاسی هەمان میللەت , یان گروپێکی دیاریکراو دەستیان هەبووە لە بە ئەنجامدانی تاوانێك,یان ڕەخساندنی بارووودۆخی تاوانێك و یان ڕووداوێك.

ئەگەر مێژووی میللەتی کورد بخوێنینەوە, ئەوە گەلێك لە کێشەی ناوخۆو شەڕی براکوژی و ناکۆکی بەرچاودەکرێت, لەبەرئەوەشە دەبێت لەمەوپاش کارەسات و دووبەرەکی نوێی تر , یان کێشەی تر نەخەینەناو

هەمبانەی ناتەبایی میللەتەکەمان , هەتا بکرێت جیاوازیەکان کەمتربکرێنەوە, هێندە نەکەوینە گیانی یەکترو ,یەکتر تاوانبارکەیین.

هەوڵبدرێت کە نەبێتە فورسەتێك بۆدەستنیشانکردنی لایانێکی سیاسی کوردو بکرێتە بەرپرسی ژمارە یەکی تاوانی گەورەو جینۆسایدی هەڵەبجە . دەکرێ هەرلایانێك بەشداری تێداکردبێت باسبکرێت, بەڵام با هەندێك میهرەبانبین لەگەڵ یەکتردا, لەجیاتی ئەوە شەڕلەگەڵ یەکتردا بکەیین, با بێدەنگی هەڵبژێرین بەرامبەر یەکتر و قسە نەکەیین, لەبەرئەوەی یەکترسوککردن , ڕیسواکردنی پارت و لایانێکی سیاسی کورد نە ئەمڕۆکە بۆ کێشەی میللەتەکەمان , نە بۆ کارەساتی هەڵەبجە سوودبەخش نیە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە کورد سوودو وانەیەك لە تاوانی هەڵەبجە وەربگرێت, هەوڵبدرێت با لەمەوپاش هەڵەبجەی تر دووبارە نەبێتەوە, ڕێگا بگیرێت بۆ ڕەخساندنی کارەساتێکی‌نوێی تر لەو جۆرە.

لە مێژووی میللەتی کوردا ,لە ڕووی سیاسی‌یەوە یەکێك لەو هەڵانەی کوردیەکان (حیزب و لایانە سیاسەکان) تێکەوتوون, کە بەداخەوە هەتاوەکوو ئەمڕۆکە بەردەوامن , هەر ئەم هۆیەش بوو ساڵی 1988 **لە ئەنجامدا کارەساتی هەڵەبجەی تێکەوتەوە, زیاتر یارمەتیدەربوو بۆ کارەساتی هەڵەبجەی شەهید ,ئەوەبوو کە هێزە کوردیەکان زۆر لە سیاسەتەکانیان لەسەر بنچینەی بارودۆخی نێودەوڵەتی دەکێشن, دیارە ئەمڕۆکەش بەرامبەر بە چارەنووسی عێراق و کوردستاندا هەمان مەسەلە لە ئارادایە, دیسانەوە بەشێکی هەرەزۆری پلان و خۆئامادەکردنیان لە سەر ڕەخسانی بارووودۆخی نێودەوڵەتیە (** 1nternational Context **) , وە فاکتەری خۆیی و هێزی خۆماڵی بۆ لێکدانەوەکانی سیاسی لاوازن (** interne factors **).**

پەیڕەوکردن سیاسەتی سەیرکەو چاوەڕێبە (Wait to see **) هەموو جارێك سوود بەخش نیە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. بە بۆچوونی من یەکێك لەو فاکتەرە هەرە گرینگەکانی ڕوودانی تاوانی هەڵەبجە , ئەوە بوو کە ئەم هەلوێستە لە لایان هەندێك لە لایانە سیاسیەکانی کورد ئەوکاتە لە ئارادابوو. شیکردنەوەیەکی زانستی و کاری بە دۆکوومەنتکردن و , بە ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوەی تایبەت و زانستی دەربارەی ئەم تاوانە, کە بە بۆچوونی من نە یەکەمیین نە دەشبێتە دواین کارەساتی میللەتێکی چارەڕەشی وەکوو کورد, نەك هەر فاکتەرە نێودەوڵەتیەکان , بەڵکوو هەندێك هۆی ناوخۆی و تایبەتمەند بە میللەتەکەشمان لە بەرژەوەندی ئێمەدا نیە.**

گرینگ ئەوەیە کە وانەیەك لە تاوان و ئەو یادە ڕەشە وەربگیرێت, ئەم تاوانە شیبکرێتەوە.

دیارە لە بەر بارودۆخی ناسکی کوردستانی باشوور, کە هێڵێکی بەرەنگاربووەوە (تماس) هەیە لەگەڵ ڕژێمی بەغدا , ئاسایی‌یە کە هەڵوێستی ناوەوەی کوردستان جیاوازتر بێت لەگەڵ ئەو کەشوهەوایەی لە ئەوڕوپا بۆ کورد ڕەخساوە, لەبەرئەوەشە کە ڕۆشنبیرانی هەندەران بەرامبەر بەرپرسیاریەتیەکی گەورەترن , بەرامبەر سۆمبۆڵێکی تراژیدیای کورد , لێرەوە سازدانی کۆڕوو کۆبوونەوە و ئیشکردن گرینگی خۆی دەنوێنێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە ڕوونبکەمەوە کە چارەنووسی هەموومان , هەروەها چارەنووسی هەڵبجەش, وەهەروەها هەڵەبجەکانی تری مێژوومان, بە چارەنووسی ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆکەی کوردستانی باشوورەوە بەستراوەتەوە, با هەریەکێك لە شوێنی خۆی بەردێك لەسەر بەردێکی تردا دابنێت و بە چاوی ڕەخنەی پۆزەتیف و بنیاتنەر بنواڕینە ئەمڕۆی وولات.

خەسرۆ پیربال ڕۆژی ساڵیادی هەڵەبجە لە فینلەندە 16-3-2002